هەفتەی داهاتوو شایستە داراییەکانی کارمەندانی پرۆسەی سەرژمێری دابەشدەکرێت

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ڕایگەیاند؛ رۆژی دوشەممە (2025/1/20) شایستە داراییەکانی کارمەندانی بەشدار بوی مەیدانی پڕۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان بۆ ساڵی (2024) دابەشدەکرێت.

رونیکردوەتەوە، لە ڕێگەی لیژنەی دابەشکردنی موچەوە، لە تەواوی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین دەستدەکرێت بە پێدانی موچە و میوانداری بەشداربونی خولەکان.

ئەوەیخستوەتەڕو، موچەی مانگێک لە (250) هەزار دینار پێکهاتوە، بەڵام بڕی دو هەزار دیناری وەك روسومان لێبڕینی هەیە و دەگەڕێنرێتەوە بۆ بەغداد، هەروەها بژمێرەکە بڕی (80) هەزار دینار شایستەی بەشداریکردنی هەشت رۆژی خولەکانی راهینانیش وەردەگرێت.

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ئاماژەی بە ئەوەشکردوە، بۆ وەرگرتنی شایستە داراییەکان, دەبێت کەسی وەرگر؛ ئەستێپاکی پێدانەوەی تابلێت و کۆپی پێناسی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی لەگەڵ خۆی بهێنێت و پێویستیشە کەسی وەرگری شایستەکە خۆی ئامادەبێت.